www.kurdistannet.org
21/05/2003 21:42

# بروخێت دەستکردی ئیمپریالیزمی ئەلمانی لە عیراق
# نا بۆ جەنگی ئەمپریالیستی ئەمریکا

سەلام عەبدوڵڵا

چەکدارکردنی خەڵکی کوردستان، تاقە زامنە بۆ بەرگری لە مەترسییەکانی سوپای تورك!

راپۆرت و هەواڵە جیهانییەکان لەبارەی جەنگ تا دێ نەخشەی بەرەکان و مەبەستەکانیان رۆشنتر دەکەنەوە:

١/ وولاَتانی ناتۆ بەرژەوەندی هاوبەشیان هەبوو لە دژی وەلاَتی سۆڤێت و هاوپەیمانەکانی. پاش نەمانی بەرەی وارشۆ، هەر یەك لە وەلاَتی ئەندام لە ناتۆ، بەدوای بەرژەوەندییە جیهانییەکانی خۆیان کەوتوون. لێرەشدا بەندریزی نوێ هاتووەتە ئاراوە. وەك لە نموونەی عیراق بەرچاومان دەکەوێت، درزێکی گەورە کەوتووەتە ناویان، هەندێ پسپۆڕی ئەم بوارە، لە هەڵوەشاندنەوەی ناتۆ دەدوێن. ئەمەش هیچ دوور نییە، چونکە وەلاَتە ئەوروپییەکان بەسەرکردایەتی ئەلمانیا، دەمێکە خەریکی دامەزراندنی سوپای ئۆرووپی هاوبەشن و لەشکری دەستتێوەردانی خێرا لە کێشەکە جیهانییەکانیان دامەزراندووە. هەڵویستی ئێستای ئەلمانیا، فەرەنساو بەلژیکا لەپرێکدا نەهاتووەتە کایەوە، بەڵکو ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بەرژەوەندی هاوبەشی ئەم وەلاَتانە لە گەڵ عیراق. ئەمە زەقترین نموونەیە بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنی بازاڕەکانی جیهان لەنێو وەلاَتە ئەمپریالیستەکان و بووەتە هۆی ئەم ناکۆکییە لەناو خۆیان. عیراق بازارێکی ئەلمانییە(-١٣٠شەرکەت و دەزگا+دەیان شەرکەتی تر- دەبێ ئەو ئەلمانییە کە لەبەرەی دژی جەنگ راوەستاوە، لە دژی ئەم شەرکەتانە پرۆتێستی چەکدارانە و شێوەکانی تری پرۆتێست رێکبخەن!. دەبێ نووسین و درووشمەکانیان جیاواز بێ لە نووسین و درووشمی فاشیستە ئەلمانییەکان و ئیسلامی و ناسیونالیستە عەرەبەکان)و لە بواری سەربازی و ئابووری لە گەڵ عیراق هاوبەشن. بانگەوازی ئاشتی حکومەتی ئەلمانیا، بانگەوازی شەرکەتەکانی چەکسازی و ئۆتۆمبیلەو گیانی ئەنتی ئەمریکانیزمە کە لەناو شادەمارەکانی هەموو ئەلمانییەکان هاتوچۆ دەکا! ئەمریکا دەیەوێ بەزەبری چەك بازاڕی عیراق لە دەستی ئەلمانیا و فەرەنسا دەربکات و بخاتە ژێر رکێفی خۆی.

٢/ دەستڕاگرتن بەسەر نەوتی کەرکوك و موسل ئەوجا هەموو عیراق لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیا و هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتننامەکانی عیراق لە گەڵ شەرکەتەکانی ئەلمانیا، فەرەنسا و رووسیا. بە وشەیەکی تر، "دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ"بەزەبری جەنگ، لە نموونە ئەلمانییەکەیەوە، بۆ نموونە ئەمریکییەکەی، بگۆڕن! ئەوانەی لە مانای پەیوەندی و هاریکاری ئەلمانیا-عیراق تێنەگەیشتن، ئێستا ئەمانیش چاویان کرایەوە!

٣/ بەرەی ئەلمانیا، فەرەنسا و رووسیا، شوێنی بەرەی ئەلمانیا، یابان و ئیتالیا لەجەنگی جیهانی دووهەم گرتووەتەوە. لەوەتی فاشییەت لە عیراق حاکمە، ئەم سێ دەوڵەتە-بەتایبەتی ئەلمانیا-باشترین پەیوەندی ئابووری، سەربازییان دامەزراندووە. لە چەندین ووتار ئاماژەم بۆ ئەم پەیوەندییە ترسناکە کردووە!بەلاَم....

٤/لەم بارودۆخە ترسناکەدا، رژێمی تورکیا، مەترسییەکی جددی پێکدەهێنی لەدژی ئەزموونی کوردستان. رێکەوتنی ئەمریکی-تورکی لە رێکخستن و ئامادەکردنی ٤٠ ٠٠٠ سەربازی تورك بۆ چوونە ناوەوەی کوردستان، لێدانی زەنگی لە گۆڕانی هەموو دەستکەوتەکانی راپەڕینە! بەڵێنەکانی سەرانی حکومەتی تورك کە گوایە تەنها ١٥کم دێنەژوورەوە، تەنها گاڵتەجاڕییەکی گەمژانەی دیبلۆماسییە بۆ هێورکردنەوەی پارتی و یەکێتی و نابێ هیچ لایەنێك بڕوا بەو سەخافەتە تورکی-ئەمریکییە بکا! لانی کەمی مەبەستی ئەمریکا و تورکیا لەم جەنگە، ئەوەیە دەست بەسەر نەوتی کەرکوك و موسل بگرن، واتە"وەلایەتی موسل"زیندوو بکەنەوە و وەك پێشتریش ئەو دوو دەوڵەتە لەسەری رێککەوتوون"ئۆتۆنۆمی بۆ تورکمانەکان"بەدەست بهێنن!

٥/ لەبارەی هەڵویستی ئەمریکی-تورکی، وەك دیکومێنتی بڕواپێکراو، هیچ زەمانەتێکی رەسمی بۆ چارەسەری کێشەی کوردستان نییە!

٦/ راگەیەندنەکەی رژێمی ئیران لەبارەی هاتنەژوورەوەی سوپای تورك، هێمایەکە بۆ ئەوەی کورستان سەرلەنوێ بکرێ بە گۆڕەپانی جەنگ لە نێوان ئەو هێزانە! بۆچوونەکەی بەرێز بەرهەم ساڵح-بی بی سی لە ٢/١١-: (چاکترێکە هاوسێکان خۆیان دوور راگرن، چونکە هاتنەژوورەوەی هەر دەوڵەتێك، دەوڵەتەکانی تر بۆ هاتنەژوورەوە رادەکێشێ و گواستنەوە بۆ دیموکراسی ئاڵۆزتر دەکا-

)نموونەیەکی زەقە بۆ مەترسییەکان لە رۆڵی تورکیا لەم کێشەیە، بەمەرجێ پەیوەندی ینك لەگەل تورکیا باشترە لە پەیوەندی پارتی لە گەل ئەمەی دوایی.

٧/ بەرامبەر بەم هاوکێشەیە، دەبێ خەڵکی کوردستان خۆی پڕ چەك بکا! ئەمە هاورێکە و دەیکەم! رەنگە هەندێ کەس و لایەن بە راگەیاندنەکانی تورکیا خۆشباوەڕ بن، رەنگە هەندێ کەس کە هێشتا هیچ نەبووە، دەستی خۆیان بەرزکردووەتەوەو دەڵێن"ئێمە هیچمان پێ ناکرێ"! ئاشکرایە دەست بەرزکردن و جارێکی تر رەوەی ملیونی، هیچی لێ سەوز نابێ، کێشەکەمان دەکرێ بە کێشەی چادر، بەلأم لە بەرگری ئومیدیك هەیە!

٨/ لە ئاستی جیهانی، ئەرکی هەر عیراقی و کوردستانییەك ئەوەیە، ئەم درووشمانە بەرزبکاتەوە: نا بۆ فاشییەت لە عیراق، نا بۆ جەنگی ئەمریکی، هاوپشتی لەگەڵ دەنگی قوربانییانی رژێمی فاشیست !

لە دژی فاشییەت و جەنگ:

کرێکاران و گەلانی ژێردەستەی جیهان، یەکگرن!

بژی راپەرینی کرێکاران و زەحمەتکێشانی عیراق بۆ روخاندنی فاشییەت!

بژی هێزی بەرگری چەکدارانە بۆ پاراستنی ئەزموونی کوردستان!

ئازادی سەربەخۆیی بۆ کوردستان!

٢٠٠٢/٢/١٢

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت